## بەبەڵگە…سزای چوار ساڵ زیندانی بۆ برایەکی شاسوار عەبدلواحید دەرچوو



بە تۆمەتی تەزویرکردنی چەکی بانك و بردنی پارەی خەڵك، دادگای تێهەڵچونەوەی بەغدا لە ناوچەی رەسافە، سزای چوار ساڵ زیندانی کردنی بۆ نزار عەبدولواحید برای شاسوار عەبدولواحید دەرکرد.

دادگای تێهەڵچونەوەی بەغدا لە ناوچەی رەسافە، رۆژی 19-11-2023، لە دانیشتنێکدا سزای چوار ساڵ زیندانی بۆ نزار عەبدولواحید قادر برای شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و سروە عەبدولواحیدی سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە بەغدا دەرکرد. سزاکەی بریتییە لە دوو سزای یەك بەدوای یەك، هەریەکەیان بۆ ماوەی دوو ساڵ بە تاوانی تەزویر کردن و بەکارهێنانی چەکی بانکی بێ رەسید و بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی 459 سزاکەی بەسەردا سەپێندراوە. سزادانی نزار عەبدولواحید لەسەر سکاڵای چەند هاووڵاتییەکە کە بەشداریان لە پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە بەغدا کردووە و پارەیەکی زۆریان لێ وەرگیراوە، دواتر پڕۆژەکە فرۆشراوەتەوە و لەبری یەکەی نیشتەجێبوون چەکی بانکی بێ رەسیدیان پێ دراوە.

